جەواد زەریف دوای ئامۆژگاری وەرگرتن لە "سەرۆکی دەزگای دادوەری دەستلەکارکێشانەوەی ڕاگەیاند

ئەمڕۆ دووشەممە،محەمەد جەواد زەریف، یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران،دوای ئامۆژگاری وەرگرتن لە سەرۆکی دەزگای دادوەری دەیتلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند.

میدیاکانی ئێران لەزاری زەریفەوە بڵاویانکردەوە، دەستلەکارکێشانەوەی یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران لە پۆستەکەی دوای "ئامۆژگاری" سەرۆکی دەزگای دادوەری بۆ گەڕانەوە بۆ زانکۆ بۆ ڕێگریکردن لە فشاری زیاتر بۆ سەر حکومەت هاتووە.

محەمەد جەواد زەریف لە لێدوانەکدا باسی لەوەکردووە، "هیوادارم کشانەوەی من ئاستەنگەکانی بەردەم گەیشتن بە ئیرادەی گەل و سەرکەوتنی حکومەت لاببات".

پێشتر ئاژانسی هەواڵی ئێرانی بڵاویکردەوە، محەمەد جەواد زەریف دەستی لە پۆستی یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری ستراتژیک کێشاوەتەوە.

ئاژانسەکە ئاماژەی بەوەکردبوو، دەستلەکارکێشانەوەی زەریف دوای دورخستنەوەی عەبدولناسر هەممەتی وەزیری دارایی ئێران بوو.